# ئاوابوونی ڕەخنە

**نووسینی**

**سەڵاح حەسەن پاڵەوان**

ئەمڕۆ بەهۆی سەرهەڵدانی شێوەیەک لە ئاشوبی نووسین مەسەلەی ڕەخنەو بوونی مەرگی ڕەخنە هاتوەتە ئاراوە، ونبوونی ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ پرسیار ئەوروژێنێ ،لەگەڵ قەیرانەکانی خۆیا چرۆی ئەو قەیرانانە سەرهەڵدەن کە لە کەمبوودی ئەوا ئەژێنەوە، ئەو باسانە تەشەنە ئەکەن کە باسی چارەنووسسازن بۆ هەر ڕۆشنبیریەک و کولتورێ . مەرگی ڕەخنە وەک هەموو مەرگەکانی دیکە هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها کۆتایی هاتنی ژیانی ڕەخنەیی هەر ڕێچکەیەکی ڕۆشنبیری پابەندە بە هۆکارەکانی زیندوێتی و نەمری تێکستە ڕۆشنبیریەکان، مەرگی ڕەخنە هاوشانە لەگەڵ مەرگەکانی تردا، یا هاوشانە لەگەڵ تێکشکاندنی تێگەیشتنەکانمان بۆ داهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمە داهێنراوەکاندا. کەمبوودی ڕەخنەو نەمانی ڕەخنە هاوشانە لەگەڵ نەمانی تێگەیشتن و بۆچوونمان بۆ ڕەخنە ، لە دنیای داهێنان و نووسین و کاری هونەریدا شتێک نیە پێ ی بووترێ کۆتایی،شتێک نیە سنووری دیاریکراوی هەبێت ، واتە سنوور بۆ تەواوبوونی تێکست نیە ، سنووری کۆتایی بۆ تەواوبوونی بیرۆکەی هونەری و ئەدەبی نیە، لەچاڵنانی ڕێچکەی ئەدەبی واتە بڕوابوون بە کۆتایی ، مەسەلەی دەقئامێزانبوون ( التناس ) لە مومارەسەی ئەدەبیدا پێمان ئەڵێ هەموو داهێنانێکی نوێ ، لە نێو خوودی خۆیدا ئەو تێکستانەی هەڵگرتووە ، کە پێشتر هەبوون و لەپاشانیشدا دێن ، بۆیە مەحاڵە شتێک هەبێ پێی بووترێ کۆتایی دەقی ئەدەبی بەڵام ڕەنگە شتێک هەبێ پێ ی بووترێ مەرگی دەقی ئەدەبی ، مەرگ بە مانای بوونی فیعلی دەق ، بەڵام نەبوونی ژیان و چووست و چالاکی و زیندوێتی ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەیە لەمەڕ ڕەخنەدا، کە لە خوارەوە بەووردی لێ ی ئەکۆڵینەوە.

مومارەسەی هەر کارێک واتە درێژبوونەوە و بەردەوامی ئەو کارە ، مومارەسە لەگەڵ خۆیدا زێدەبوونێک بیرۆکەیەک پێشکەش ئەکات و لەگەڵ خۆشیا چالاکیەک ئەنوێنێ ، مومارەسەی کاری ڕۆشنبیریش بەش بە حاڵی خۆی مامەڵەکردنە لەگەڵ دوو حاڵەت کە ئەویش حاڵەتی ناخ و ویژدان لەلایەک و دووەم حاڵەتی دەوروبەرو کارلێکردن ، چالاکی ڕۆشنبیری وەکو مومارەسەیەک ناتوانێ لەو دنیایەدا بمێنێتەوە کە تا ئەو ساتە بۆ خۆی دروستیکردووە بەڵکو زیاتر بەدووی پرسیارا ئەگەڕێ . لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤە دێرینەکان یەکەمین نیشانەیان بۆ لەیەکگەیشتن داناو یەکەمین سیمبولیان کرد بە ماناو گۆڕینەوە هەر ئەو ساتە هەستی چێژ دەرکەوت، کە ئەمەش بە مانای دەرکەوتنی هێزی نووسین و بیرکردنەوە بوو، ئەو ڕوانینانەی ئەو کاتە و تا ئەم ساتەش درێژبوونەوەیەکە تا ئەمڕۆی مۆدێرن و گەشەکردوو.بەردەوامە ، بەڵام کێشەکە لەو بەردەوامیەدا نیە بەڵکو کێشەکە لە نابەردەوامی تێکستە نووسراوەکاندایە، یان مەسەلەکە شەڕی نێوان تێکستی کراوەو تێکستی داخراوو، ململانێ ی نێوان ڕەش و سپی نیە ، هەرچەندە دەق هەبووبێ پانتاییەکی ڕەش لەسەر گۆڕەپانی نووسیندا هەبووە ، بەڵام ڕۆڵان بارت ووتەنی ئێمە مەبەستمان لە تێکستی زیندوو

ئەو تێکستانەن بەرووی هەموو خوێندنەوەیەکا ئەکرێنەوە ،کردنەوەیەک هەموو ساتێک ئامادە بێت ، واتە هەڵهاتن نەبێت لە ماناکان و ناوەڕۆکەکان ، مەبەستیش لە هەڵهاتن مەبەست لە ئینکارکردنی ئەو پەیوەندیە نیە ئەو پەیوندیە مەزنەی لە نێوان تێکست و بوون و وەرگرو رەخنەگرتندا هەیە.

ئەم چوارگۆشەیە( واتە تێکست و بوون و وەرگرو رەخنەگرتن ) جێگەیەکی تایبەتە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی هەر تێکستێکا ، بڕیاردان لە زیندوێتی و مەزنی و دەوڵەمەندی کولتووری ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا تێکستەکان لەدایک ئەبن ، بەڵام مردنی رەخنە ومردنی تێکست واتە مەرگی وەرگرو بوونیشە .

بۆیە ئێمە لێرەدا ئەمانەوێ باس لە چەمکێکی زۆر گرنگ بکەین کە ئەویش رەخنەیە ، نامەوێ لێرەدا بە شێوەیەکی تەقلیدی باس لەم ووشەیەو ماناکانی و رۆڵەکانی لە بواری پراکتیزەکردنا بکەم ، نەخێر مەبەستی من لە رەخنە مەبەستێکی دیکەیە ، مەبەستە لە بەراوردکردن و رووبەڕوکردنەوەیەتی لەگەڵ تێکستەکان ، هەروەها کاتێک ئەڵێم تێکست مەبەستم لە تێکست ئەو رەش و سپیە نیە کە بە پێش چاومانا دێت و ئەچێ و بەردەوامە ، مەبەستم لە تێکست ئەو دوو تێرمەیە کە بە ئینگلیزی پێ ی ئەوترێ ***<u>لیسبڵ</u>*** ***و*** ***<u>سکریپتیبڵ</u>*** واتە تێکسنی نووسراوو تێکستی خوێندراو ، ئەم دوو چەمکە لە پاش مۆدێرنیزمەبوونی زمان بە بەرفراوانی خۆیان خزاندە نێو لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان ، بە تایبەت لە نووسینەکانی جاک دریداو رۆڵان بارت و ئیمبرتۆ ئیکۆدا. زاراوەی یەکەم لە رووی گرنگیەوە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی پەیامێک بگوێزرێتەوە ، لە هەموو بابەتێکدا ئەم جۆرە شێوازە ئامادەیەو ، هەر لە تێکستە کلاسیکیەکانەوە ، تا ئەگاتە تێکستە مۆدێرنەکان ، ئەم شێوە جێ پێ هەڵگری داوا رەخنەیەکانە ، بەڵام دەقی نووسراو ئەو دەقەیە بە بڕێکی هێجگار گەورە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی سەرەوە ، ئەمیان بە پێ ی لێکدانەوە زمانەوانیەکان ئەو دەقانە ئەگرنەوە کە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرن ، بگرە سنوورێک لە نێوان من و ئەودا ناهێڵن ، نووسەر لێرەدا کەسی مامناوەندیە ، ئەو ئەرکەی لەسەر شانی بوو بە شێوەیەک لە شێوەکان بە جێ ی گەیاند ، پرۆسەکەی بریتی بوو لە بەرهەمهێنان هەروەها ئەو یاسا باوەی کە لە نێو نووسینەکاندا هەیە پەیڕەوی ناکات ، بەڵکو خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆیەتی و، زیاتر پشت بە لێکچواندنەکان ئەبەستێ.

بەهەرحاڵ ئەتوانین بڵێین ئەم دوو شێوە تێکستە وەکو دوو شێوەیەی رەخنە ، هۆکارێکی گرنگن بۆ ئەوەی بتوانین ، بەو بڕیارە بگەین کە ئایا تێکستەکانمان لە چ پەیوەندیەکی رەخنەیدان ، ئایا بۆچی رەخنە ئەگاتە بنبەست و راگەیاندنی مەرگی رەخنە سەرهەڵئەدا، ئایا مەرگی رەخنە دەرئەنجامی مەرگی یەکێک لەو تێکستانەیە یان دەرئەنجانی کەژو هەواوو بارودۆخی پەیوەندیەکانە .

بەراستی ئاسان نیە بتوانین ناویژدانانە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین ، ئاخۆ تێکستەکانمان مردوون و کۆتایی ژیانیانە ، یاخوود رەخنەمان مردووەو جەستەیەکی بێ جووڵەیە ، من پێم وایە لەهەموو کولتوورێکا جۆرێک لە دەقی نووسراوو دەقی خوێندراو ئەبینرێ ، بەڵام لە کولتووری کوردیدا بڕەکانی دەقی نووسراو فرەترن، ئەو زۆرایەتیە وای کردووە ، رەخنە لە ئاستێکی دیاریکراوا بووەستێ و نەک ئەوەش لە هەناسەنەدانی بەردەواما شێوەیەک لە مەرگی کتوپڕی تووش ببێت.

بۆ ئەوەی خاڵێکی دیکەش لەمەڕ ئەم دوو شێوە دەقە روونکەینەوە ، ئەم دووانە لە یەک ساتدا ئەتوانن لە دەقێکا هەبن ، ئەو کاتە بە شێوەیەکی گشتی باس لە مەزنی ئەو دەقە ناکرێت بەڵکو باس لە لایەنە باش و خراپەکانی ئەکرێ ، بەڵام دەقی خوێندراو لە نێو کولتوور و رۆشنبیری ئێمە ئەوەندە ئەرکێکی گران ئەخاتە بەردەم رەخنەگر ، کە زۆرجار کەسی رەخنەگر روبەڕوی دوو دڵیەکی بەردەوام ئەبێتەوە .

هەندێ جار لە بڕیاردانە سەرپێیەکانی رەخنەگری ئێمە ئەو خاڵە سستانە دەرئەکەون کە لە کارە رەخنەیەکانا رەنگ ئەدەنەوە ، ئەویش بڕیاردانی رەخنەگرانە بەسەر تێکستی نووسراوو خوێندراودا لە روانگەی تیۆری خوێنەرەوە ، واتە ئەگەرئەو شتەی خوێنەر وەریگرت و پێ ی باش بوو ئەوە تێکستێکی گرنگەو مێژوویەکی گرنگی هەیە ، بەڵام ئەو خۆی ( واتە رەخنەگریش) چاک ئەزانێ کە خوودی وەرگریش لە هەر سەردەم و سات و ئانێکدا مەرج نیە لە میانەی میزاجێکی تەواودا بڕیار لەسەر شتێک بدات ، بەڵکو زۆرکات هۆکارە دەروونی و سۆسیۆلۆژیەکانیش رۆڵێکی گەورە لەم جۆرە بڕیاردانەدا ئەبینن، ساتی وا هەیە رەخنەگر لەسەر بناغەی ئەوەی کە چۆن خوێنەر و بەچ نەزمێ پێشوازی لە تێکستێک ئەکات ، ئەویش بڕیاری خۆی ئەدات ، بەم کارەشی ئەگاتە بنبەستێک کە ناتوانێ رێگای دەرچوونی تیۆری خۆی بدۆزێتەوەو رەخنەکەشی ئەگاتە بنبەست ، ئەم حاڵەتەش لە نێو رەخنەی کوردیدا بەرچاو ئەکەوێ ، ئەو رەخنەیەی کە تا ئەم ساتەش لە سڕبوونێکەو سڕبوونەکەشی بۆ زەمەنێکی دوورو درێژ ئەگەڕێتەوە کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە.

هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا راگەیاندنی مەرگی رەخنەیی یاخوود سەرهەڵدانی مەرگی رەخنەیی لای ئێمە هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ لایەنە ئیجابیەکەی بەوەی کە هەموو تێکستەکانمان بەدوا ترۆپکی داهێنان گەیشتوون و چیتر پێویست بەوە ناکات شیبکرێنەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، نەک ئەمەش بگرە بە پێچەوانەوەی ئەو برە تێکستانەی کە خاوەنی داهێنان و رۆحێکی مەزنن ، لە نێو بازنەی دوو دڵی خۆیانا ئەسوڕێنەوەو چاوەڕوانی بڕیارێکن لەمەڕ ئەو توانایەی کە لە ناخی خۆیاندا خەشاریان داوە.کاتێک لای ئێمە رەخنەگر بە پێ ی تیۆری پێشوازی خوێنەر هەڵدەستێ بە لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی. هەروەها لەسەر ئەو تێکستانە کار ئەکات کە میزاجی تاکە کەسی رێنوێنی ئەکات و خۆشی نازانێ لە چ روانگەیەکەوە کاریان لەسەر ئەکات ، رەخنەگر ئەوەی لەبیرچووەتەوە لە هەردوو شێوە خوێنەرەکەی تێکستدا خوێنەری دانراوو خوێنەری راستەقینە ئامادەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە لەسەر زەمینەی واقیعدا ئامادە نیە بەڵکو رەخنەگر وەکو کارێکی سیحرئامێز هەڵدەستێ بە دروستکردن و خوڵقاندن ، بەڵام ئەوی دیکە ( واتە خوێنەری راستەقینە ) ئامادەیەو بەردەوام لەگەڵ رەخنەدا لە پەیوەندیەکی زیندوودایە.

زۆرجارخوێنەری ئامادە ئەوانەن لە نێو رۆشنبیری ئێمەدا بوار بۆ بڕیاردانەکانی رەخنەگر ئەڕەخسێنن، زەمینەش خۆش ئەکەن بۆ لێکدانەوەی بەردەوام و خوڵقاندنی شێوەکانی بیرکردنەوەو ووردبوونەوەو هەروەها خۆشەکردنی ئەو زەویانەی کە ئەو ئەیەوێ رووەکەکانی لەسەر بچێنێ .

لێرەوە ئەگەڕێینەوە سەر خاڵە سەرەکیەکەی خۆمان و ووردبوونەوە لەو باوەڕانەی کە حوکمیان بەسەر رەخنەدا داوەو حوکمیشی بەسەرا ئەدەن، ووردبوونەوە لەو بۆچوونانەی کە دوو دڵن لەوەی ئاخۆ رەخنە هەن یاخوود تووشی پەتایەکی کووشندە بووەو لەسەر سەرینی گیانەڵایەو چاوەڕوانی مەرگ ئەکات ؟ یان تووشی سڕبوونێکی درێژخایەن بووەو شۆکێکی گەورەی پێویستە تا هەستێتەوە؟.

ئایا ئەو دەردەی رەخنەو رەخنەگری ئێمە پێوەی ئەناڵێ تەنیا دەردێکە رۆشنبیری ئێمەی گرتۆتەوە یاخوود دەردێکی نێونەتەوەییە؟؟ بە پێی لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەکان زۆربەی زۆری رۆشنبیریەکان تا رادەیەک و شێوەیەک لە شێوەکان سستی رەخنە لە نێو بوونیاندا ئامادەیە، چونکە ئەم دەردە دەردێکە درێژبوونەوەی درمەکانی تری ژیانە کە لەگەڵ خۆشیا تێکستیشی گرتۆتەوە ، ئەو قەیرانە داوامان لێ ئەکات بە چاوێکی دیکەو بە روانینێکی سەرپێیانەی دیکەوە بڕوانینە هەر داهێنانێ.بەڵام پێش ئەوەی بەم شمولیەتە بگەین ــ ئەتوانین لە بەراوردکاریەکی بە پەلەدا ئەو بڕیارە بدەین ئایا دەردەکە لای ئێمە گەر هاتوو خۆمان لەگەڵ دەوروبەرا بەراورد بکەین فراوانترە ، ئایا تێکست و کولتوورو مێژوومان لە

**نەهامەتیەکی کوشندەدایە ؟؟، نەهامەتی و کەمبوودیەکانی داهێنانمان زۆر لە بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە؟؟ بێگومان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەتوانین بڵێین بەڵێ ، زۆر لەو دیاردانە راستیەکەو ناکرێ ئینکار بکرێ و بڕیاردانێکی وەها بوێرانە هێشتا نەیتوانیوە جێ پێ ی ئەو پرسیارانە لە نێو بونیادی مێژووی رۆشنبیری ئێمەدا بێنێتە وەڵام..**

**بەو هەموو هۆکارو بەو هەموو گۆڕانکاریانەشی کە لەسەر گۆڕەپانی ژیاندا روو ئەدات ، ئاساییە گەر رەخنە تووشی سستی و کەمبوودی بێت ، ئاساییە گەر سەردەمێکی بەسەرا تێپەڕێ نەتوانێ بە راستی پەیامەکانی خۆی بگەیەنێ ، بەڵام ئەوەی لای ئێمەدا ئەبینرێ نەک بریتیە لە سڕبوون بۆ ساتەوەختێک ، بەڵکو نەبوونێکی کووشندەیە، ئامادەنەبوونی زەمینەکانی داهێنانە ، ر ەخنە لە زەوی هیچێتیدا ئەخولێتەوە ، نەک ئەوەش بە نەبوونی خۆشی قەیرانێکی مەزنی لە پاشاگەردانی و بێ سەروبەری خولڵقاندووە تا گەیشتووەتە ئەوەی دەقی ئیفلیج و کەمئەندام سەرتاپای رۆشنبیریمانی گرتۆتەوە، هەرچەند هەندێک ئەو هەموو زۆری و بۆریە بۆ بوونی رەهایی دەنگو رەنگەکان ئەگەڕێننەوە ، ئەو هەموو تێکستانە بە پاساودانێک ئەزانن بۆ ئەزموونگەری و هەوڵی داهێنان ، هەروەها بە هەوڵێکی ئەزانن بۆ دەرچوون لە بێهوودەیی و تێکۆشانە بۆ رەوانکردنی قەڵەمەکان ،لەم هەموو پاشاگەردانەیەشدا رەخنە تووشی سەرسوڕمان و ونبوون بووە لەبەرئەوەی رەخنە ئەبێ بە کەسانێک یسپێردرێ کارامەو زەحمەتکێش و زاناودانا بن کەچی رەخنەمان بە کەسانێک سپێردراون کە میراتگرێکی نمەک حەرامی رەخنەن .**

**پەتای نەبوونی رەخنە یاخوود مەرگی رەخنە رەگێکی قوڵی لە نێو پرۆسەی فیکری و رۆشنبیریماندا داکوتاوە ، هۆکارەکانی ئەو بزربوونە تاڕادەیەک لە هەندێ خاڵدا بەدەرئەکەوێت ، بەڵام لە هەندێ رووی ترەوە نازانرێ هۆکانی چیە. بۆچی رەخنەمان لەم حاڵەدا ئەژی و بۆچی ئەم چارەنووسەی بە نسیب بووە خۆی ئەمە پرسیارێکەو لە دوو توێ ی وتارێکی ئاوەها کورتا وەڵام نادرێتەوە ، بەڵام ئەکرێ بووترێ نەبوون و کەمبوودی رەخنەییمان وەکو کەمبوودیەکانی دیکە ، دیاردەیەکە رۆشنبیرو رۆشنبیری کوردی پێوەی ئەناڵێ، ناڵێم بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ پیودانگێ رەخنە ئامادە نیە بەڵام بە پێ ی گۆڕانکاریەکانی دەق نین ، گەر هەندێ رەخنەش هەبن هێشتا ئەو رەخنانەلە نێو تێگەیشتنە ئەغریقیەکەی خۆیاندا ئەسوڕێتەوە کە بریتین لە حوکمدانی دادگا ئامێز بەسەر تێکست و نووسینەکانا ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەو تێکستە رەخنەیانەی هەمانن ، کەم تا زۆر شێوەیەکن و رۆحیان تێدا نەماوە ، بوونی رەخنەیی لە لای هەندێک هێشتا لە بۆچوونەکانی *بایل*[i] دەرنەچووە ، نەک ئەمەش بڕێکی زۆر لەو تێکستانەی ئێمە بە درێژایی مێژوو بەهۆی دەرەتانی و کەمبوودی لێکدانەوە رەخنەییەکانەوە ، سەردەمی بەسەرا ئەڕواو هێشتا کەس نازانێ لە چ خانەیەکدایە ، خانەی داهێنان ، یاخوود خانەی دووبارەبوونەوەو وڕێنەکردن .**

**گەر لە رەخنەیی کۆمەڵایەتیدا لە سەر دەستی چەند مامۆستایەک بڕێک ووتاری رەخنەیی ئەدەبی سەرچاوەیەک بێت بۆ دەوڵەمەندی کەلەپووری رەخنەییمان یاخوود لە کارە رەخنەییە مێژوویەکانی هەندێکیان سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندی دەرکەوێت ، ئەمەش لەگەڵ ئەو دەریا تێکستانەی کە لە پانتایی رۆشنبیری کوردیدا گەردش ئەکەن بەراورد ناکرێت ـ هەموو بەشەکانی رەخنە لە بونیادی فیکری و رۆشنبیری و کولتووریمانا بەدەست کەمبوودی رەخنەوە ئەناڵێنن ، نەک تەنیا بوارێک بەڵکو لە زۆر بواردا هەر لە رەخنەی رۆشنبیری و رەخنەی نوێ و رەخنەیی دیالۆگی تا ئەگاتە رەخنەیی کۆنتێکستی و فینۆمینۆلۆجیش ئەرشیفێکی هەژارمان هەیە ، لەو هەژارانە ئەچێت تەنیا لەتە نانێک بۆ رۆژێ شک ئەبەن.**

گەر لە نێو ئەرشیفی رەخەنەیماندا لە بوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری چەند ناوێک هەبن ، ئەوە لە بوارەکانی دیکەی رەخنەدا لە حاڵەتی مەرگێکی تەواودایە ، ئەو مەرگەی بە بێ دوودڵی ئەتوانین بە چاوی خۆمان جەستەکەی ببینین.

لەگەڵ مێژووی گۆڕانکاری تێکستەکان و مێژووی ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر بوونیادی داهێنان و کۆمەڵگاکەدا هاتوون ، لە نێو مێژووی رەخنەییمان بڕێک ناو گەر هەشبووبن ، چیتر کەڵکیان نەماوە بۆ ئەوەی وەکو شێوازێ بۆ درێژبوونەوەی رەخنەییمان سوودیان لێ وەرگرین ، ئەو هەموو تێکستانەی وەک شەپۆڵ بە کەنارەکانی وەرگرا گوزەر ئەکەن ، بێ گرفت بەسەر بەربەستەکانا ئەڕۆن و هەندێکیشیان بە وەهمێکی درێژخایەن لە نێو دڵ و چاوی وەرگرا ئەمێننەوە.

هەندێک ئەم گۆڕانکاریانەی بواری تێکست و گەشەکردنی تێکست بە هۆکارەکانی دیکەوە ئەبەستەنەوە ، بۆ نموونە هەندێک هەن ئەڵێن ئەمە مۆدەی بەجیهانیبوونەو هەموو تێکستێ بێ گوێدانە رەخنە خۆی بە هەموو جێگایەکدا ئەکات ، بەڵام ئەوەیان لەیاد چووە کە خوودی بەجیهانیبوونیش هەوڵێکە بۆ برەودان بە رەخنەو بەگشتیکردنی هەموو ئەو چالاکیە زیندووانەی کە دەستیان بەسەر جیهاندا کێشاوە ، هەوڵە لە پێناوی گۆڕانکاری بنەڕەتیدا ، بەتایبەتی ئەو گۆڕانکاریانەی لە نێو دنیای تەکنەلۆژیاو سیاسەتا ئەبینرێ.

## <u>*هەناسەکانی تێکست*</u>

هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد مێژووی نووسینی رەخنەییمان ، مێژوویەکی هەژارە ، هۆکارەکانیشی لە هەندێ خاڵدا ئاشکرایەوەو، هەندێکی دیکەشی نەزانراوە ، بێگومان هەندێ هۆکاری مامنەوەندی هەن کە هۆکاری کەمبودی رەخنەیین ، وەکوو نەبوونی دەزگاو گروپە تایبەتیەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی و تیۆریزەنەکردنی زۆر لە بوارەکانی فیکری رەخنەییی و نەبوونی ئینستیتووی تایبەت بە رەخنەو لێکۆڵینەوە ، ئەمە سەرەڕای نەبوونی کەمبوودی وەرگێڕان لە بارەی قوتابخانە رەخنەیەکان و هەروەها کارکردن لە ژێر کاریگەری یەک قوتابخانانەی ئایدیۆلۆژی. هەروەها پێوانەکردنی هەندێک لە پرنسیبەکان بە پێوانەی سیاسی و هۆکارە سیاسیەکان و دورکەوتنەوە لە مەسەلەکانی گەڕان بە دووی مێژویەکی تایبەت بە مەسەلەی رەخنەیی لە بوارەکانی بیری فۆلکلۆری و ئەفسانەو کۆمەڵایەتیدا .

نابێ ئینکاری ئەوەش بکەین کە بڕی ئەو رەخنانەی بە پێودانگی ناتیۆری و ناپرۆگرامانە هەن زۆر زیاترن لەچاو ئەو رەخنانەی بە شێوەیەکی تیۆری مامەڵە لەگەڵ دەقدا ئەکەن ، هەر بۆنموونە بڕێکی زۆر لە شێوازی رەخنەییی ئەدەبی ناراستەوخۆ هەن ، لە شێوەی جیاجیاو بە شێوازی ناهۆشمەندانە بوون بە بەشێک لە مێژووی رەخنەیمان ، داستانە شیعریەکانی مەم و زین ی ئەخمەدی خانی و خەج و سیامەند و هەندێ لە قەسیدەکانی نالی و مەحوی و شێخ رەزاو..هتد ، شێوەیەک لە رەخنەی شیعری بەدی ئەکەین ، کە زیاتر بەدەوری مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسیەکانا ئەسوڕێنەوە ، بەڵام وەکو شێوەیەک لە لێکدانەوەی تیۆری رەخنەیی هیچی وا بەدی ناکەین کە ئاماژە بێت بۆ مەسەلەی رەخنەی رۆشنبیری و خاوەن پایگەیەکی تیۆری قووڵ ، زۆربەی زۆری ئەو شێوازانەش کە باس لە هەوڵە رەخنەییکان ئەکەن ، زۆر بە کەمی لە مێژووی رەخنەییماندا تیۆریزەکردنێکی ئاسایی بەرچاو ئەکەوێت ، ئەو هەوڵانەشی لە مێژووی رەخنەییماندا لەلای زۆر لە رەخنەگرانەوە دراون نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ببنە پایەگەیەکی بەهێز بۆ مێژووی رەخنەییمان. پێم وایە ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە ، بۆ

ئەوەی زۆربەی تێکستەکانمان لە هەناسەکورتیەکی بەردەواما بژین ، مێژوویەکی پڕ تێکست لە پاڵ ڕەخنەیەکی سڕبوو چاوەڕەوانی چی لێ ئەکرێت .

ئەکرێ بڵێین لە بواری ئەدەبیدا زیاتر لە هەموو بوارەکانی تری چالاکی فیکری خاوەن داهێنانین ، کەچی تا ئەم ساتەش لە قەیرانێکی تەواوی ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەژین ، ئەو ووتارو لێکۆڵینەوانەشی کە لەسەر موڵکی ڕەخنەی ئەدەبی حیساب کراون ، بە زەحمەت ئەتوانرێ لەو بوارەدا پۆلین بکرێت ، جار ناجارێ ئەو کاری ڕەخنەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی شیعرو چیرۆک و ڕۆمان و تێکستەکانی بواری فۆلکلۆرو کراون... هتد ، بەڵام لەچاو خۆیو لە چاو پێویستیەکان ، هێشتا زۆری ئەوێ بۆ ئەوەی بزانین ، چ یەکێک لەو هەوڵانە توانیوێتی بونیادی ڕاستەقینەی ڕەخنەی کوردی پێکبێنێ، هەروەها ئەو هەوڵانەشی کە دراون زیاتر لەمەودای خوێندنەوەی کلاسیکی تێکستە ئەدەبیەکان تێناپەڕن ، واتە خوێندنەوەی دانەر وەکو پێویست نەخوێندراوەتەوە و دەقیش هەر لە کایەکەی خۆیدا هێڵراوەتەوەو زۆر بە کەمیش چوونەتە وێزەی دەقەکانەوە ، واتە کارکردن بە پرنسیبی مەرگی دانەر زۆر بە کەمی لەو کارە ڕەخنەییانەدا ئەبینرێ کە بە مەبەستی لێکدانەوەی ڕەخنەییدا کراون ، سەرەڕای ئەمەش کەم تا زۆر خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی باڵی بەسەر لێکۆڵینەوەو کارە ڕەخنەییەکاندا کێشاوە ، بە کەمی کەسێک بەرچاو ئەکەوێت بە هەموو توانایەوە توانیبێتی زۆر لە تێکستە ڕەخنەییەکان بە بێ تێهەڵکێشکردنی لەگەڵ لایەنی ئایدیۆلۆژی تێبینی بکات .

سەرەڕای ئەمانەش بەبێ ڕاوەستان هەمیشە دەقەکانمان بەرهەمهاتوون . بە بێ ڕاوەستان چوونەتە حزوری خوێنەر، مێژووی دەقمان کولتوورێکی چالاکە لە بەرهەمهێنان ، بەڵام بەرهەمهێنانی ئەو تێکستانە کەم تا زۆر بە هەموو سلبی و ئیجابەتەکانیەوە بریتی بوون لە تێکستی ئامادە بۆ سەرهەڵدانی شتی نوێ ، داهێنانی نوێ ، لە هەوڵی ئەوەدابوون تا جێگای خۆیان لە نێو کاروانی داهێناندا بکەنەوە ، بۆیە هەناسەی تێکستەکانمان هەناسەیەکی دوورو درێژ بووە لە هێنانەکایەو بەرهەمهێنان، بەڵام ئەو هەناسەیە لە پاڵ هەناسەکورتی ڕەخنەدا تووشی شێوەیەک لە سەرسوڕمان ببوو ، سەرسوڕمانی ئەوەی ئایا بەردەوام بێت یان نەء ، گرنگی بە داهێنان بدات ، یان ڕاوەستێ و چاوەڕوانی گۆڕانکاریەکانی ڕەخنە بکات ، ڕاستە ئەو بەردەوامی بە خوودی خۆیداو تا ئێستا لە هەوڵی تێکۆشانە، بەڵام هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووە شتێکی پێ بووترێ ، ئاگادار بکرێتەوە ، دووربخرێتەوە لەو شتانەی کە خۆی بە هێزو تواناکانی تەسلیم کردووە.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەبێ دەق بە نیازو ئارەزووی ڕەخنە هەڵسوڕێ و لەوەو سەرچاوە بگرێت و کارەکانی ئەنجام بدات ، نەخێر ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕەخنە سەردەستە بێت و دەقەکانیش کاروان بن و بەدووی ئەودا ڕەوکەن و لە چاوەڕوانی بڕیاری ئەودا بن ، نەخێر ئەمە مەبەستەکە نیە ، مەبەستەکە لەوەدایە ـ ئایا تا چ ڕادەیەک ئەتوانن پێکەوە بن ، گەر پێکەوە بەردەوامی بە کاروانەکەیان بدەن ، باشترەو چاوەڕەوانی باشتری لێ ئەکرێت، بەڵام گەر هاتوو ڕەخنە لە میانەی هەوڵەکانیا هەوڵی دۆزینەوەی نهێنیەکانی ئەو تێکستانەی دا ئەوە هیچ نەبێت ، ئەرکێک و شتێک پێشکەش بە تێکستەکان ئەکات ، کەواتە گرنگی نووسینی ڕەخنەیی یاریدەدەرو تەواوکەری پرۆژەی داهێنانەو تەواوکەری ئەو هێزانەیە کە هەموویان پێکەوە مەودا ڕۆشنبیریەکە دەوڵەمەند ئەکەن ، واتە پێکەوە لە مەیدانێکا کار ئەکەن بۆ ئەوەی جوانکاریەک ببەخشنە ساختمانی ڕۆشنبیری و داهێنان.

## چرکەکەکانی رەخنە

برێکی زۆر لە داهێنەران بێ گوێدانە رێچکەی رەخنەیی و بێ گوێدانە هەر وەڵامدانەوەیەکی رەخنەیی کاری خۆیان ئەکەن و بەردەوام ئەبن لە داهێنان و نوسین و دۆزینەوەی نوێتر ، بەڵام هەر خوودی ئەو نووسەرو داهێنەرانە لەوە بێئاگان کە هەندێ لە نهێنی داهێنانەکانیان ، خۆشیان بە ئاسانی پەی پێ نابەن و درک بە هەندێ لە کەین و بەینی جوگرافیای تێکستەکانی خۆیان ناکەن هەروەها ئەو هاوکێشە کیمیایانەی نێو دەقەکانیان تەنیا بە وەڵامدانەوەی داهێنەرانەی رەخنەگر لەگەڵ وەرگرو خوێنەر و گوێگرا کارلێکردن ئەکەن و دەرئەنجامێکی زیندوو بە دەستەوە ئەدەن .

ئەو پانتاییە مێژووییەی خاوەنی دەق کاری لەسەر ئەکات مەودایەکە لەگەڵ خۆیا هەموو ئەو مێژوە بەدووی خۆدا ئەبات کە پێ ی ئەوترێ ((دانە ر لە پشتەوەی دەق)) ، ئەو لە نێو مەرگی خۆیدا زیندوێتی دەقێ دێنێتە ئاراوە کە کەم تا زۆر پێویستی بە دۆزەرەوەیەک هەیە ، ئەو دۆزەرەوەی کە بینی بە هێز بێت و بتوانێ لە قوڵاییترین بەشەکانی ئەو رووبارەی دەقدا مەلە بکات و بگەرێ و ئەو یاقووتانە بدۆزێتەوە ، کە لە پشتی گوێچکە ماسیەکانی رۆحی دەقەکەدا خۆیان خەشارداوە، بۆیە رەخنە پێویستە وەکو زەرورەتێک بۆ دووبارە دۆزینەوەی یاقووتەکانی داهێنان و ئاشکراکردنی ئەو درمانەی کەوتوونەتە نێو ئازای تێکستەکانەوە.

کەواتە ئەوەی رەخنەگر ئەیبینێ جیاوازە لەو شتەی کە تێکستەکە خۆی ئەیبینێ.

ئەگەر رەخنەگرتن و رەخنە بە هەموو شێوازو قوتابخانەو رێچکەکانیەوە هەوڵێک بێت بۆ دووبارە خوێندنەوەی نهێنیەکانی دەق و سیحرەکانی دەق ئەوا لە هەریەک لە شێوازەکانی رەخنەدا مامەڵەکردنێکی تایبەت ، هەیە ، هەریەکەو بە شێوەیەک لە شێوەکان کاری خۆیان ئەنجام ئەدەن بە مەبەستی داهێنان و دووبارە نووسینەوەی ئەو هێزانەی کە لە نێو دەقەکەدا خۆیان حەشارداوە .

کەواتە بونیادی دەق و توانای نووسەرو هێزی داهێنان و گرنگی تێکست و هەڵوەشاندنەوەکان و دەقی خوێندراوو بیستراو کۆمەڵێ ئەرکن لەمیانەی رەخنەو رەخنەگرتندا ، ئەبینێرێ و ئەدۆزرێتەوەو بەدی ئەکرێت ، ئەمەش لە بونیادی رۆشنبیری ئێمەدا ئیفلیجیەکی دروست کردووە ، کە پێ ی ئەوترێ ئیفلیجی نەبوونی روونیەک و تێگەیشتنێک لەمەڕ ئەو هەموو چەمکانەی کە رەخنە پێشکەشی ئەکات ، نەبوونی رەخنە بە هەموو شێوەکانیەوە جۆرێک لە ناهاوسەنگی دروست کردووە.

پێویستە ئەوەش بوترێ کە هەموو رێچکە جۆراوجۆرەکانی رەخنە بەو مەبەستە هەن تا زەمینەیەکی لەبار پێکبێنن بۆ تێگەیشتن لە بارەی دەقەکانەوە. بۆ ئەوەی بواری گۆڕانکاری دەق برەخسێنن و ببنە هۆی برەودان بە دەوڵەمەندکردنی بوارەکانی جوڵانەوەی دەق . رەخنە ئەو شێوازەیە کە رووکەشیەکان دائەپۆشی و نهێنیەکان دائەماڵێ .

زۆر لە رەخنە سادەکان لە نێو رۆشنبیرە رووکەشیەکانا تێبینی ئەوە ئەکەن کە رەخنە تەنیا کارێکی سلبی ئەنجام ئەدات نەک ئیجابی و لە هەندێ رۆشنبیری دیکەشدا رەخنە دووبارە نووسینەوەی تێکستە ، دووبارە وێنەکێشانی جوگرافیای دەقە . بۆیە گرنگ لەوەدایە کە دەق بە تەنیا و رەخنەش بە تەنیا هەریەکەیان پەیامێکی هەیە بەڵام کە رەخنە لەگەڵ دەقدا پێکەوە ئەکەونە ململانێیەوە ئەبنە خاوەنی پرۆژەیەکی تایبەت، پرۆژەیەک نە پەیوەندی بە ناخی دەقەوە ئەبێ نە بە ناخی دانەرەوە . رەخنەگرتن

لە دەق و یاخوود دەقی رەخنەگر هەردووکیان وەکو تێکستێ لە واقیعدا ئامادە ئەبن ، بەڵام ئەو دوو واقیعە بە هەموو مەوداکانیانەوە لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان بسەپێنن، واتە پەیوەندیەک لەگەڵ بووندا بەرپا بکەن ، وا بکەن تا راستیەکان ئاشکرا بن و هیچ ناکۆکیەک لە مەڕ تێکستەکان دروست نەبێت و دابران نەبێتە نسیبیان .

گرفتە گەورەکە لای ئێمە ئەوەیە کە دابڕان دروست بووە ، دابڕانێکی کووشندە ، دابڕانێکی جەرگبڕ لە نێوان خوودی وەرگر ( جا چ خوێنەر بێت یان گوێگر یا تەماشاکەر ) و ئەو تێکستانەی دێنە بەرهەم ، دابڕان بە مانای دروست نەبوونی پردی راستەقینە لە نێوان راستیەکان و دروستنەبوونی پردی پتەو لە نێوان دەق و حەزەکانی وەرگر ، لە نێوان ناحی دەق و ناخی وەرگر ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە پردێک لە نێوان رەخنەو دەقدا دروست نەبێت . هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان کرد رەخنە بە هەموو تێگەیشتن و شێوەکانیەوە بەدووی حەقیقەتێکا ئەگەڕێ ، بێگومان هەر شێوە رەخنەیەک لەگەڵ ئەوی تردا جیاوازیەکی هەیە ، چۆنیش پەیوەندی لەگەڵ رەخنەدا بەرپا ئەکات ، ئەوەیان جیاوازە ، بۆیە جێگای خۆیەتی بزانین ئەو پردەی کە لە نێوان رەخنە و دەقی کوردیدا نیە هۆکەی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە لە بناغەوە رۆشنبیری ئێمە گرفتێکی هەیە گرفتێک لە شێوە کووشندەکان ، گرفتی هەیە لە شێوەی دۆزینەوەی یەکەکانی بەرپاکردنی پەیوەندی. بۆ ئەمەش رەخنە لەسەر رۆشنایی ئەو پەیوەندیانەی دەق ئەتوانێ ئامادە بێت ، ئامادەبوونێک کە هێزو تواناکەی لە هێزو توانای ئەو پەیوەندیانەیە کە دەق بەرپای ئەکات.

دەق بۆ خۆی خاوەنی کۆمەڵێ رێ و رەسم و کارو کردەوەو فێڵ و تەڵەکەبازیە ، خاوەنی چەکێکە ئەو هێزانەی پێ رێک ئەخات کە هەر یەکەو بەرنامەیەکی هەیە ، هەر بۆ نموونە شیعرێکی سیاسی لەگەڵ شیعرێکی رۆمانسیدا جیاوازیان لەوەدایە هەردوکیان ستراتیژیەتی خۆیان هەیە ، بەڵام هەردووکیان پەیامیان پێوە و هەردووکیان هێز بەکار ئەهێنن بۆ کارکردنە سەر وەرگرو وروژاندنی ناخ و بەجێهێشتنی مەبەست و شێوازێک لە رەنگدانەوە. بێگومان ئەمەش لە هەمان کاتدا لە بواری رەخنەشدا ئەکرێ راست بێت ، ئەو دوو شیعرە هیچیان ئەوی تر نەفی ناکەنەوە بۆ ئەوەی یەکێکیان رۆڵی ئەوی تر ببینێ ، هەروەها هیچیان جێگای ئەوی تر ناگرنەوە ، لە حاڵەتی رەخنەشدا رەخنە ئەیەوێ پرسیارێ لای وەرگر دروست بکات ، گرنگ نیە ئەو پرسیارە لەسەر چیەو چۆن کارئەکات ، مەبەستی سەرەکی لای ئەو دروستکردنی پرسیاری بێکۆتاییە، بۆ ئەوەی ببێ بە کێڵگەیەک بۆ روانین و مانا هەڵهێنجان ، بۆیە مەرجی رەخنە لەگەڵ مەرجی دەقدا جیاوازە ، دەق لە دەرەوەی پەیوەندیەکان ئەبێتە پرسیار بەڵام رەخنە لە دەرەوەی پەیوەندیەکان وەڵامێکی بێ پرسیارە ، بۆیە <u>*رۆلان بارت*</u> کاتێک باس لە ئاستەکانی خوێندنەوە ئەکات ، چاک ئەزانێ سەرچاوەی ئاستەکان لەلای ئەو بریتیە لە شێوە جۆرجۆرەکانی لێکدانەوەو خوێندنەوە ، هیچ دەقێک ناتوانێ دەقێک بێت تەنیا لە نێو بازنەی تایبەت بە خۆیا بسوڕێتەوە.

بەمجۆرە گەر بمانەوێ هەمەلایەنی ببەخشینە ماناو حەقیقەتی دەق ، ئەبێ لە دەرەوەی پەیوەندی لەگەڵ دانەردا تەماشای بکەین ، بەڵام بۆ بەخشینی هەمەلایەنی بە رەخنە پێویستمان بە کۆمەڵێ پەیوەندیە ، لە حاڵەتی دەقدا هەموو شتەکان یەکسانن ، هەر بۆ نموونە لای رەخنەگری بونیادگەری و بونیادشکێن هیچ جیاوازیەک لە نێوان دەقی شیعری یاخوود دەقی چیرۆک یا ووتاری سیاسی یان لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیدا نیە ، ئەوان مانا نابینن و لە نێو دێڕەکانەوە بەدووی وەڵامدا ناگەڕێن ، بەڵکو ئەوان گرنگی بە بونیادنانی رستەو ووشەو پێکهاتنی پەیوەندی نێوان بەشەکانی دەقەکە پێکەوە ئەدەن ، واتە بە پێ ی

لێکدانەوەی بونیادگەری و بونیادشکێنەری شیعرێکی بۆدلێرو ووتارێکی جۆرج بۆش بۆ ئەو یەکە هەر بۆیە لە پەیوەندی نێوان رستەو ووشەکانا ئەو بەدووی مانادا ئەگەڕێ ، ئەمە بۆ رەخنەگری بونیادگەری ئاوەهایە ، بەڵام لە نێو دەقدا گرنگ نیە ئەو دەقە لە چ بوارێکدا رۆڵی خۆی ئەگێڕێ و لەچ مەودایەکەوە بازدانی تایبەتی خۆی ئەدات .

ئەمەش دووبارە ئەمانباتەوە بۆ پرسیارە بنەڕەتیەکەی لەمەڕ سڕبوون و مەرگی رەخنە لە نێو بونیادی رۆشنبیری کوردیدا ، ئایا هۆکارەکە لە نەبوونی دەقدایە ( ئەمەیان بڕوا ناکەم ، لەبەرئەوەی لە سەرەوە ئاماژەم بەو جیاوازیە لە نێوان لێشاوی دەق و کەمبوودی رەخنە کرد)یان لە نەبوونی ئەو هۆشمەندیەیە کە وەکو پێویستیەک بۆ داهێنان و نووسین و بڕیاردان رەهبەری دەق ئەکات ، ، هۆی سەرەکی بۆ دووەم ئەگەڕێتەوە ( واتە نەبوونی هۆشمەندی ) ، واتە نەبوونی رەهبەریەکی هۆشمەند لە بەڕێوەبردنی رەخنەو دابینکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوە.

بەدرێژایی چالاکی رۆشنبیری و ئەدەبیمان شێوەیەک لە سستی و ناکامڵبوون ، لە رووکەشی و قوڵنەبوونەوە بەدی ئەکرێت ، هەندێک ئەم هۆکارە بۆ پەیوەندیە سیاسیەکان ئەگەڕێننەوە ، یاخوود بۆ ئەو پەیوەندیە مێژوویەی نێوان دەق و بوونی نەتەوەیی ئەگەڕێننەوە ، رەنگە ئەمانە تاڕادەیەک لە هەندێ لایەنەوە راستبن بەڵام پاشەکشێ و سستبوونی تەواوی رەخنەو لەبیرچوونەوەی رەخنە کەم تا زۆر لە بونیادێکی دێکەدایە لە هۆکارێکی دیکەدایە کە مەزنترە لەهەموو ئەو هۆکارانە.

کەواتە هۆکاری سەرەکی پەیوەستە بە تواناکانی داهێنان و پشکنین و گەڕان ، هۆکاری سەرەکی نەبوونی توێژینەوەیەکی قووڵە لەمەڕ چەمکەکانی نوێبوونەوەو مۆدێرنیزم و پاش مۆدێرنیزم قوڵبوونەوە لە زنجیرەی گۆڕانکاریەکانی مێژووی رۆشنبیریمان ، سەرەڕای ئەوانەش رۆشنبیری کورد لە بەستەڵەکێکی رۆشنبیری قوڵا ئەخولێتەوە بوار بە خۆی نادا ئەو بونیادانە هەڵوەشێنێتەوە کە بیری داهێنانیانی تێدایەو ، ئەو نهێنیانە ئاشکراکات کە سەردەمێکە بە شاراوەیی ماون، ئەو سیمبولانە بکاتەوە کە گوزارش لە ئەفسانەیی بیرو کولتوورمان ئەکەن و نیشانەکانی زمان و کولتوور لەسەر رووی دووەمی نووسین بهۆنێتەوە.

واتە شێوەی مامەڵەکردنە رۆشنبیریەکانی بگۆڕێت و چاوێک بەو نهێنیانەدا بخشێنێتەوە ، ئەوانەی کەم تا زۆر لە مێژوویەکدا هۆکاری سەرەکی دواخستنی گەشەکردنە کولتووریەکانمان بوون. کەواتە رەخنە تەنیا پێویستی بە دەق نیە بەڵکو پێویستی بەوەش هەیە دووبارە بونیادی بیرکردنەوەی رەخنەگران بگۆڕێت و خۆشیان لەو قاوغە بێننە دەرێ کە سەردەمێکە قەدیان پێوە گرتووە .

---

[1]– بایل لە ساڵی 1697 کۆچی فەرهەنگی مێژوویی رەخنەیی دانا ، کە بڕوایی وایە رەخنە جیاکردنەوەیەکی ئاشکرایە لە نێوان عەقڵ و دۆزینەوە باڵاییەکان.